Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090408

# پەیوەندیی نێوان ڕۆڵە واتاییەکان و ئەرکە سینتاکسییەکان

ئازاد ئەحمەد حسەین

بەشی کوردی // کۆلێجی زمان // زانکۆی سلێمانی

*Article Info*

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

*Keywords*

ڕۆڵە واتاییەکان، ئەرکە سینتاکسییەکان

پەیوەندیی نێوان واتا و سنتاکس.

*Corresponding Author*

azad.hussain@univsul.edu.iq

پوختە

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (پەیوەندیی نێوان ڕۆڵە واتاییەکان و ئەرکە سینتاکسییەکان) ەوەیە، لە شێوەزاری سلێمانیی کرمانجی ناوەڕاستدا. هەوڵدراوە، ڕۆڵە واتاییە جیاوازەکان دیاریبکرێت، کە بەپێی دروستەی ڕستە و چەشنی کردار، فرێزێك، کە ئەرکێکی سینتاکسیی تایبەت بەخۆی هەیە، وەریاندەگرێت.

ڕێبازی توێژینەوەکە :

سروشتی بابەتی توێژینەوەکە بەجۆرێکە، کە پێویستی بە تێکەڵکردنی دوو تیۆر یان ڕێباز هەیە، کە بریتین لە :

أ – سێتا ، کە لقێکی ڕێزمانی گواستنەوە و بەرهەمهێنانی چۆمسکییە.

ب – ڕێزمانی ئەرکی .

واتە توێژینەوەکە لە چوارچێوەی ئەو دوو تیۆرەدا ئەنجامدراوە.

گرنگیی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا ، دروستەی ڕستە لە ڕوانگەی ڕۆڵی واتایی فرێزەکانییەوە شیکراوەتەوە و قاڵب، یان فۆڕمی ڕستە، پەیوەست بە یاسا واتاییەکانەوە دیاریکراون.

**پێشەکی:**

کەرەستە سەرەکی و ناسەرەکییەکانی ڕستە، جگە لە ئەرکە سینتاکسییەکانیان، ئەرکێکی واتاییشیان هەیە، لەبەر ئەوە چوونە ناو یەك و تێکچرژانێك لەنێوان ڕستەسازی و واتاسازیدا دەبینرێت. ئەمەش بووە بەهۆی ئەوەی کە ڕستە دوو سیستەمی هەبێت (ڕێزمانی – واتایی)، دەتوانرێت لە ڕێگای هەریەکەیانەوە، دروستەی ڕستە شیبکرێتەوە و یاساکانی دارشتنی بخرێتە ڕوو.

زانستی واتاسازیی بەرهەمهێنان (Generative Semantics )، کە لە پەیوەندیی لۆجیکیی نێوان وشەکان دەکۆڵێتەوە، بۆچوونی وایە، کە ڕستە خاوەنی دوو ڕۆنانە (ڕێزمانی ) و ( واتایی )، لە ڕێگای یاساکانی ڕستەسازییەوە بەیەکەوە گرێدراون و ڕۆنانی قووڵی ڕستە تەنیا پشت بە ڕۆنانی واتایی دەبەستێت، کە بنیاتێکی سەرەکیی دیاریکردنی واتای ڕستەیە. یاسا ڕستەسازییەکان تەنیا هۆیەکن بۆ گواستنەوەی ڕۆنانی قووڵ بۆ ڕووکەش . ( عەبدولواحید موشیر دزەیی، 2015 : 44 )

ڕۆڵی واتایی کەرەستەکانی ڕستە لەڕووی واتاوە گونجاون، واتە پەیوەندییەکی پتەو و بەرانبەریان، لەگەڵ دنیای دەرەوەدا (لۆجیك) هەن و بەجێکەوتە دیاریکراوەکانی ڕستەوە پەیوەست نین، بەپێچەوانەی ئەرکە سینتاکسییەکانەوە، کە مەرج نییە، پەیوەندییەکی بەرانبەریان لەگەڵ لۆجیکدا هەبێت و پەیوەستن بە جێکەوتەکانەوە، کە بۆ هەر ئەرکێك دیاریکراون، بۆ نموونە کەرەستەیەك لە ڕستەیەکدا، ئەرکی بکەر، یان بەرکاری هەبێت، لەوانەیە لە لۆجیکدا وانەبێت. بۆ نموونە لەم ڕستانەدا :

- شوشەکە شکا.
- منداڵەکە زەرد هەڵگەڕا .
- دارا کەوت .

هەریەك لە فرێزە ناوییەکانی ( شوشەکە ، منداڵەکە ، دارا ) بکەرن، چونکە جێکەوتەی بکەرە واتاییەکان ( لۆجیکییەکانیان ) پڕ کردۆتەوە و لەگەڵ کەسی کردارەکاندا هاونیشانەن. لە دنیای دەرەوەدا ( لۆجیکدا )، ئەو فرێزانە بکەر نین، چونکە کردارەکانیان ئەنجام نەداوە، بەڵکو بەرکار، یان کارتێکراون، چونکە هەریەکەیان بەهۆی ڕووداوێکەوە کاریانلێکراوە.

کەواتە کاتیگۆرییە واتاییەکان، هەمان ئەوانەن، کە لە جیهانی دەرەوە ( لۆجیك) دا هەن، لەبەر ئەوە زاراوەکانی ڕێزمانی واتایی، ئەوانەن کە لە دەرەوەی زماندا بەکاردەهێنرێن و ڕێزمانەکە لەگەڵ لۆجیکدا یەکدەگرێت و ناونانی ئەرکی فرێزە پێکهێنەرەکانی ڕستە، بە جێکەوتە چەسپاوەکانیانەوە پەیوەست ناکات. ( هالیدەی ) ڕایوایە، کە (( لایەنی ئەرکیی زمان لە خودی پەیڕەوی زمان دابڕاو نییە، پەیڕەوی ڕێزمانیی هەر زمانێك، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەو ئەرکانەوە پەیوەستە، کە ڕستەکان لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا دەیبینن )) ( Halliday, 1973:23). کەواتە پەیوەندیی واتایی نێوان ئەرکە سینتاکسییە جیاوازەکان لە دروستەی ڕستەدا، چۆنیەتیی کارکردنی ڕێزمانی زمانێکی تایبەت دەخەنەڕوو.

واتە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە چۆنیەتیی دارشتنی ڕستەدا هەیە، چونکە ئاستی ڕۆنانی قووڵی ڕستە، کە یەکەم قۆناغی بەرهەمهێنانی ڕستەیە، لە کردارێك و فرێزە داواکراوەکانی پێکدێت، کە لەسەر بنەمای گونجاندنی واتا، لەگەڵ کرداردا، دەردەکەون.

گرنگیی واتا هانی زمانەوانێکی وەك ( ڕادفۆرد ) ی دا، لەپاڵ زانیارییە فەرهەنگییەکاندا، (زانیاریی واتایی ) دانە فەرهەنگییەکان زیاد بکرێت ( Radford,1998 : 372 ).

لە دروستەی ڕستەدا زانیاریی ( سینتاکسی ) و ( سیمانتیکی ) هەیە، کە پێویستە لە یەکتر جیابکرێنەوە. ڕۆنانە سینتاکسییەکان چۆنیەتی پەیوەندیی نێوان یەکە سینتاکسییەکانی ڕستەیەك لە لایەك و پێویستییە واتاییەکانی ڕۆنانی سەرە لە لایەکی ترەوە دیاریدەکەن، لە چوارچێوەی لقە تیۆرێکی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا، کە تیۆری ( سێتا ) یە (Culicover ,1997:21 ).

ئەم لقە تیۆرەی ڕۆڵە واتاییەکان لە ئاستی ڕۆنانی قووڵی ڕستەدا کاردەکات.

دەشێت فرێزێك زیاتر لە ڕۆڵێکی واتایی وەربگرێت، واتە مەرج نییە، پەیوەندیی نێوان ڕۆڵەکان و کەرەستەکان یەك بە یەك بن (Cowper ,1992: 51 )، بە پێچەوانەی دۆخە ڕێزمانییەکانەوە، کە هەر فرێزێك تەنیا یەك دۆخی ڕێزمانی وەردەگرێت، بۆ نموونە لەم ڕستانەدا :

- ئارام کتێبەکەی پێشکەشی کتێبخانە کرد.
- نازەنین زانیاریی لەبارەی مێژووی کوردەوە بە ئێمە دا.

(ئارام ) و ( نازەنین) ، ڕۆڵی واتایی ( کارا ) یان هەیە، هاوکات ( سەرچاوە) یشن، چونکە (( ڕۆڵە واتاییەکان بریتین لەو پەیوەندییانەی ، کە لەنێوان ڕووداو و تاکەکاندا هەن )) ( ڤیان سلێمان حاجی، 2009: 84) .

بە دەوری کرداردا ، کۆمەڵێك بازنەی واتایی هەن، کە ژمارەیان بە سروشت و واتای کردارەوە بەندن و فرێزە پێویستەکانی کردارەکە لەخۆ دەگرن، بۆ نموونە بازنەی واتایی کردارەکانی (نوسیم)، ( شکا) ، بەمجۆرەیە :

نوسیم : ( کارا، کارتێکراو )

شکا : ( کارتێکراو )

واتە ( نوسیم ) پێویستی بە دوو فرێز هەیە، ڕۆڵی ( کارا ) بە یەکەمیان و (کارتێکراو ) بە دووەمیان دەبەخشێت. کرداری ( شکا) یش داوای تەنیا فرێزێك دەکات، کە ڕۆڵی ( کارتێکراو ) ی پێدەدات. پرۆسەی بەخشینی ڕۆڵە واتاییەکان لە کردارەوە بۆ فرێزە داواکراوەکان ( ئەرکە سینتاکسییەکان ) بە ( نیشانەکردنی سێتا) ناودەبرێت (Chomsky ,1981: 37-38 ) .

خستنەڕووی دروستەی ڕستە لە ڕوانگەی ڕۆڵی واتایی کەرەستە پێکهێنەرەکانییەوە، دەچێتە چوارچێوەی قوتابخانە، یان ڕێبازێکەوە، کە بە ( ئەرکی ) ناسراوە و یەکێکە لە ڕێبازە زمانەوانییەکانی سەدەی بیستەم ( بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ڕێبازی ئەرکییەوە، بڕوانە : ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی : 2008 ).

فرێزە ناوییەکان لە دروستەی ڕستەدا، بەپێی ئەرکە سینتاکسییەکانیان و ئەو دەوروبەرانەی تیایاندا دەردەکەون، واتە ( ئەو پەیوەندییە سینتاکسییانەی ، لەگەڵ کەرەستەکانی تری ڕستەدا هەیانە ) ، ڕۆڵی واتای جیاوازیان دەبێت .

یەکەم : ڕۆڵە واتاییەکانی بکەر:

بکەر لە دروستەی ڕستەدا ، یەکەم ئەرکی سینتاکسییە، کە ئەم ڕۆڵە واتاییانەی دەبێت:

1- کارا - Agent :

ڕۆڵێکی واتایی زیندووە، دەبێتە هۆی بە ئەنجامگەیاندن، یان نەگەیاندنی کردارێك (یوسف شەریف سەعید، 1990: 9 ). دەبێت ئەم سیمایانەی هەبێت : ( زیندوو ، مەبەست) واتە کەسێك بێت بە مەبەست یان ئارەزوو ڕووداوێك جێبەجێ بکات، یان نەیکات. لەبەر ئەوە (مەبەستی ئەنجامدان ، یان ئەنجام نەدان ) بۆ ناسینەوەی ( کارا ) پێوەرە ( سید علی میر عمادی ، 1376 هەتاوی : 80) .

جۆرەکانی کارا :

لەم توێژینەوەیەدا ، کارا بۆ چەند جۆرێك پۆلکراوە ، لەوانە :

أ – ئەنجامدەر : کارا خۆی کردارەکە ئەنجام دەدات، وەك :

- شیلان وانەکەی نوسی .
- دارا زەوییەکەی ئاودا .

ب – ئەنجام نەدەر : لە ڕستەی نەرێدا، کردار ڕوونادات، لەبەر ئەوە کارا لێرەدا هیچ ڕووداوێك ئەنجام نادات، وەك :

- ئێمە وانەکەمان نەنوسی .
- ئەوان بۆ سەیران ناچن .

پ – گریمانەیی - Hypothetical : لەو ڕستانەدا ، کە کردارەکانیان لە ڕانەبردوو، یان داهاتوودا ڕوودەدەن، یان ڕوونادەن، کارا لەنێوان ئەنجامدەر و ئەنجام نەدەردا دەبێت، واتە دەشێت کردارەکە جێبەجێ بکات ، یان نەکات. لەبەر ئەوە بۆ یەکلاکردنەوە ، چاوەڕێی ئەوە دەکرێت ، کە ئایا کردارەکە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ، ڕوودەدات یان ڕوونادات، لەبەر ئەوە بەشێوەیەکی گریمانەیی ، ( بکەر) بە کارا دادەنرێت ، وەك :

- ئاکار هەفتەی داهاتوو بۆ هەولێر دەچێت .
- من سبەینێ ڕاپۆرتەکە دەنوسم .

ت – هۆیی - Colleague: کارا لە هەندێك ڕستەدا، ڕاستەوخۆ کردار بەئەنجام ناگەیەنێت، بەڵکو دەبێتە هۆکار، بۆ ئەوەی بەرکار ڕووداوێك جێبەجێ بکات ، یان ڕووداوێکی بەسەردا بێت. ئەمەیش لەو ڕستانەدا دەبێت ، کە کردارەکانیان ( تێپەڕی کۆزەتیڤی ) ن ( بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی کۆزەتیڤ لە زمانی کوردیدا ، بڕوانە : نامەی ماستەری نەوزاد ئەنوەر عومەر، 2008 )، کە بۆ دوو کۆمەڵ پۆلدەکرێن:

أ – ئەو کردارە تێپەڕانەی، کە تێنەپەڕی بەرانبەریان هەیە، وەك کردارە ناوییەکانی: ( بردن ، هێنان، خستن، ناردن، هێشتن، .... هتد ).

- ئاکۆ منداڵەکانی بۆ شانۆگەرییەکە برد.
- کوڕەکە منداڵەکەی خست.

ب – کردارە تێپەڕەکان، کە لە تێنەپەڕەکان بەهۆی مۆرفیمی تێپەڕاندن (ان) ەوە سازبوون، وەك کردارە ناوییەکانی ( مراندن، شکاندن، پچڕاندن، سوتاندن، برژاندن، ..... هتد ) .

- دوژمن گوندەکەی سوتاند.
- منداڵەکە شوشەکەی شکاند.

دەشێت کارا لە ڕێگەی فرێزێکی ناوییەوە ، کە لە ناو فرێزێکی پریپۆزیشندایە، کردارێك بە ئەنجام بگەیەنێت، وەك :

- ئاسۆ نامەکەی بە دڵێر نوسی.
- مامۆستا ڕاپۆرتەکەی بە خوێندکارەکان خوێندەوە.

ج – سەرپەرشتیکار:

هەندێك جار کارا کەسێکی سەرپەرشتیکار دەبێت و لە ڕێگەیەوە ڕووداو جێبەجێ دەکات، وەك:

- ئەندازیارەکە خانووەکەی جوان دروستکردووە.
- لیوا ڕوکن مەهدی بەسەر داعشدا سەرکەوت.

2 – کارتێکراو -Patient :

کەسێك ، یان شتێکە ، کاری تێدەکرێت . بۆ چەند جۆرێك پۆلدەکرێت:

أ – زیانلێکەوتوو - damaged : هەندێك لە کردارە تێنەپەڕە ئەلفییەکان ( واتە ئەوانەی کە مۆرفیمی کاتی ڕابردوویان " ا " یە) ، وەك ( شکا، ڕووخا، سووتا، خنکا، ..... هتد )، دەبنە هۆی لەناوچوون و زیانگەیاندن بە بکەرەکانیان ، وەك :

- شوشەکە شکا.
- لایەکی دیوارەکە ڕووخا.

ب – بەرهەم – Product : بکەر لە هەندێك ڕستەدا، لە ئەنجامی ڕوودانی کردارەوە دێتە ئاراوە، واتە دەبێتە بەرهەمی کردار، وەك :

- خانووەکە دروستکرا.
- ڕاپۆرتەکە نوسرا.

پ - سوودمەند – Beneficiary : ئەنجامی ڕووداني هەندێك كردار، دەبێتە هۆی سوودگەیاندن بە بكەر، وەك:

- ئاسۆ خەڵات كرا.
- خوێندكارەكان بۆ بەسەربردنی كاتێكی خۆش بۆ هاوینەهەوارەكانی دهۆك بران.

3 – هەستیار -Sensitive :

ئەم ڕۆڵە واتاییە ، لە لایەن ئەو كردارانەی، كە هەست و بیر و ناسینەوە و پەیبردن و بۆچوون دەردەبڕن و لە ڕێگەی هەستەكانی مرۆڤەوە ئەنجامەدرێن، بە فرێزی ناویی بكەر دەدرێن. بكەر لەم ڕۆڵە واتاییەدا، ئەوەی كە پەیپێدەبات، یان وەك ڕاستییەك دەریدەبڕێت، یان باوەڕی پێدەكات (دیاردە) یە ( لە ناوانی ئەم ڕۆڵە واتاییەدا، سوودم لە " ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی ،2008: 66-67 " وەرگرتووە. ) ، وەك :

- من ئەوان بە زیرەك دەزانم.
- ئاسۆ لەو باوەڕەدایە ، كە شیلان ئەمساڵ بە یەكەم دەردەچێت.
- منداڵەكە هەستی كرد، كە باوكی لەگەڵ خۆیدا نایبات بۆ بازاڕ.

4 – ڕەوشتكار - Behavior :

مرۆڤ هەندێك ڕەفتار ئەنجامدەدات، كە نە بە ڕێكەوتە و نە بە ئارەزووە، بەڵكو لە دەسەڵات بەدەرە، واتە كردەیەكی (إنعكاسی) یە، وەك ( هەناسەی دا، خەوی بینی، كۆكی، بورایەوە،... هتد ) ( بە دەستكاریی نموونە كرداریيەكانەوە سودم لە " وریا عومەر ئەمین، 1985: 197 " وەرگرتووە).
فرێزی ناویی بكەری ئەم چەشنە كردارانە، ڕۆڵی واتایی ڕەوشتكاریان دەبێت :

- منداڵەكە بورایەوە .
- نەخۆشەكە هەناسە نادات.
- كوڕەكە زۆر دەكۆكێت.

5 – هەڵگر - Holder :

وەك بە ناوەكەیدا دیارە ، كەسێك ، یان شتێكە ، سیفەتێك ، یان تایبەتمەندییەكی خراوەتە پاڵ. كردار بە شێوەیەكی گشتی لە ڕوانگەی واتاییەوە ( بە تایبەتی كرداری بوو) ، ( سیفەت، ڕەگەز، پیشە، شوێن، ... هتد ) ی مرۆڤ دەخاتە ڕوو، هاوكات ( بار، سیفەت، شوێن، ...هتد ) ی شتی بێگیانیش نیشاندەدات :

- ژوورەكە ساردە .
- منداڵەكە وریایە.
- من لە بازاڕ بووم.

(بوو) كردارێكی بێ واتایە، لە ڕستەدا كات نیشاندەدات و فرێزی ناویی بكەر بە تەواوكەرەكەیەوە دەبەستێتەوە.

6 – ناسێنراو – known :

بە فرێزێكی ناویی بكەر دەدرێت، كە لەڕووی ( ڕەگەز، پیشە، ....هتد) ەوە ناسێنرابێت:

- ئاكار ئەندازیارە.
- هاوڕێ خوێندكارە .
- پیاوەكە كورد بوو.

7 – ئەزموونكار - Experiencer :

ڕۆڵی واتایی ئەو فرێزە ناوییانەی بكەرە، كە كەسێك دیاریدەكەن، خاوەنی هەست و دركپێكردنن:

- شیلان دڵخۆشە.
- منداڵەكان غەمبارن.
- خوێندكارەكان وەڵامی پرسیارەكان دەزانن.

8 – ئارا - Existence :

كرداری ( بوو ) لە فۆرمی داڕێژراویدا، كاتێك پێشگری ( هە - ) وەردەگرێت، بوونی بكەر، وەك كەس، یان شت دەخاتەڕوو ، لەبەر ئەوە بكەر ڕۆڵی واتایی ئارای دەبێت:

- ئاسایش لەم ناوچەیەدا هەیە.
- ئێمە هەین.
- باوكی هەیە.

9 – باس - Theme :

ئەو فرێزە ناوییە بكەرانەن ، زانیارییەك لە بارەیانەوە دەخرێنەڕوو، زانیارییەكە ( نە وەسفە، نە چالاكی ، ...هتد) :

- وەرزش پێویستە .
- زیرەكیی تۆ ئاشكرایە.
- یارمەتیدانی هەژاران ئەركە.

- ترسی منداڵەکە شکا.

بکەری ئەم چەشنە ڕستانە ، لە باری کەسی سێیەمی تاکدا دەبن.

10 - گۆڕان - Change :

ئەو فرێزە ناوییە بکەرانەن، کە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر ، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، یان دێت:

- من بووم بە ئەندازیار.
- ئاوەکە بوو بە سەهۆڵ.
- هێمن بوو بە خوێندکار.

11 – هێز Force :

فرێزی ناویی بکەر لە شێوەی هێزێکی نادیاردا بێت و کردارێك بەهۆیەوە، ڕووبدات، یان ڕوو نەدات، وەك :

- ڕەشەبا دارەکەی شکاند.
- بوومەلەرزە شارەکەی وێران نەکرد.

12 – ئامێر - Instrument :

ئەم ڕۆڵە واتاییە، بکەرە نازیندووەکان دەیانبێت، کاتێك لە شێوەی ئامێردان و کردار جێبەجێ دەکەن، یان نایکەن ، وەك :

- کلیلەکە دەرگاکە ناکاتەوە.
- چەقۆکە دەستی منداڵەکەی بریندارکرد.

دووەم : ڕۆڵە واتاییەکانی فرێزی ناویی بەرکار:

بەرکار دوای بکەر دووەم ئەرکی سینتاکسییە و بە جۆر و واتای کردارەوە بەندە. ئەو کارەی بکەر دەیکات، لەسەر بەرکار جێبەجێ دەکرێت. لە دروستەی ڕستەدا، چەند ڕۆڵێکی واتایی دەبێت، لەوانە :

1 – کارتێکراو : ئەم ڕۆڵە واتاییەی بەرکار چەند جۆرێکە ، وەك :

أ – زیانلێکەوتوو : ڕوودانی هەندێك کردار، دەبێتە هۆی لەناوچوون و زیانگەیاندن بە بەرکار، وەك کردارەکانی ( ڕووخاندی، شکاندی، کاولی کرد، وێرانی کرد، .... هتد ) :

- دوژمن شارەکەی وێرانکرد.
- کرێکارەکان خانووەکەیان ڕووخاند.

ب – بەرهەم – Product : بەرکار لە هەندێك ڕستەدا، لە ئەنجامی ڕوودانی کردارەوە دێتە ئاراوە و پێش ڕوودانی کردارەکە بوونی نەبووە، وەك :

- ئاکار ڕاپۆرتێکی بەسوودی نوسی.
- ئەوان خانوویان دروستکرد.

پ – گۆڕراو - Variable : ڕوودانی هەندێك کردار، گۆڕانکاریی بەسەر بەرکاردا دەهێنێت، وەك :

- ژنەکە بامێکەی زەرد کرد.
- کچەکە ماڵەکەی پاککردەوە.
- دایکەکە منداڵەکەی جوانکرد.

ت – جێبەجێکار – Executive : هەندێك جار بەرکار بەهۆی بکەرەوە، کردارێك جێبەجێ دەکات، واتە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بکەرەوە، وەك :

- ژنەکە منداڵەکەی نواند.
- کوڕەکە ئاکۆی هێنایە گریان.
- مامۆستا خوێندکارەکانی خستە پێکەنین.

بەرکار ، مەرج نییە لە هەموو ڕستەیەکدا ڕۆڵی کارتێکراوی هەبێت، لێرەدا دەبێت جیاوازی لەنێوان دوو جۆر بەرکاردا بکرێت، کە ( واتایی و ڕێزمانی ) ن :

بەرکاری واتایی :

ئەو فرێزە ناوییانەن ، ڕۆڵی واتایی کارتێکراویان هەیە، واتە کاریگەریی ڕوودانی کرداریان دەکەوێتە سەر، لە ڕێزمان و دنیای دەرەوەدا ( لۆجیك) بەرکارن، وەکو نموونەکانی پێشەوە .

بەرکاری ڕێزمانی :

ئەو فرێزە ناوییانەن، کاریگەریی ڕوودانی کرداریان ناکەوێتەسەر، واتە ڕۆڵی واتایی کارتێکراویان نابێت، لە ڕستەدا جێکەوتەی بەرکاری واتایی پڕدەکەنەوە و هەمان هەڵسوکەوتی سینتاکسییان دەبێت، بۆیە پێیان دەوترێت بەرکار. ئەم چەشنە بەرکارە، لەگەڵ کردارە تێپەڕە هەستییەکانی، وەك ( بینیم، بیستم ، ..... هتد) دەردەکەون.

2 – کارا : بەرکارە ڕێزمانییەکان ئەم ڕۆڵە واتاییەیان دەبێت، بۆ نموونە لەم ڕستانەدا :

- من تۆم بینی.
- ئارام دەنگی ئاکاری بیست.

- نازەنین شیلان دەناسێت.

هەر یەك لە فرێزە ناوییەکانی ( تۆ، دەنگی ئاکار ، شیلان ) لە دروستەی ڕستەکانیاندا، بەرکارن، بەڵام لە لۆجیکدا ( من ، ئارام ، نازەنین ) بەرکارن، چونکە کاریگەری ڕوودانی کردارەکانیان کەوتۆتەسەر، چونکە لە ڕستەی یەکەمدا ( تۆ واتکردووە، کە من بتبینم)، لە ڕستەی دووەمدا (ئاکار قسەی کردووە و ئارام بیستوویەتی، یان گوێی لێبووە )، لە ڕستەی سێیەمیشدا (شیلان بە هەر هۆکارێك بێت، وایکردووە ، کە نازەنین بیناسێت) .

لەبەر ئەوە فرێزە ناوییە بەرکارییەکان لەو سێ ڕستەیەدا، ڕۆڵی واتایی ( کارا) یان هەیە و فرێزە ناوییە بکەرییەکان ( کارتێکراو) ن.

3 – سوودمەند - Beneficiary :

ئەم ڕۆڵە واتاییە، بەو فرێزە ناوییە بەرکارانە دەدرێت، کە لە ڕوودانی کردارێك سوودمەند دەبن، وەك :

- ئەوان ئێمەیان بۆ شانۆگەرییەکە برد.
- هاورێ منداڵەکەی خۆشدەوێت.
- هێمن کامەرانی بۆ خوانەکە بانگهێشت کرد.

4 – باس - Theme :

فرێزی ناوی بەرکار، لە هەندێك ڕستەدا، و لە ئەنجامی ڕوودانی کرداردا، نە کاری تێدەکرێت و نە سوودمەند دەبێت، واتە بەرکار پێش ڕوودانی و دوای ڕوودانی کردار ، هەمان بارودۆخی دەبێت، لەبەر ئەوە تەنیا باسێکی ڕستە دەبێت و ڕۆڵی واتایی باس وەردەگرێت، وەك :

- کڕیارەکە خانووەکەی بینی.
- شێرکۆ زەوییەکەی فرۆشت.
- خوێندکارەکان کتێب دەخوێننەوە.

5 – وەرگیراو -Recipient ( لە دیاریکردنی ئەم ڕۆڵە واتاییەی بەرکاردا سوودم لە " عبدولواحید موشیر دزەیی , 2015: 105 " وەرگرتووە. ) :

بەرکار دەشێت کەرەستەیەك بێت و لە لایەن بکەرەوە بەخشرابێت، لەم بارەدا ئەم ڕۆڵە واتاییەی دەبێت، وەك :

- دارا پارەی بە هەژارەکە دا.
- کامەران کتێبێکی بە کتێبخانە بەخشی.
- ئاکار کراسێکی پێشکەشی هاورێکەی کرد.

سێیەم : ڕۆڵە واتاییەکانی فرێزە ئەدڤێربێلییەکان :

ئەدڤێربڵەکان لە فۆرمی فرێزی پرێپۆزیشنیدان، لە پرێپۆزیشن، پرێپۆزیشن و پۆست پۆزیشن و فرێزێکی ناوی، یان زیاتر پێکهاتوون. پرێپۆزیشنە سەری حوکمکەرە و ئەم ڕۆڵە واتاییانە بە فرێزە ناوییەکە دەدات:

1 – شوێن - Site :

ئاماژە بۆ شوێنی ڕوودانی کردار لە ڕستەدا دەکات، چوار جۆرە ( د. عەبدولواحید موشیر دزەیی، سێ جۆر شوێنی دیاریکردووە ، کە بریتین لە : سەرچاوە ، ئامانج ، شوێنی جێگیر ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، 107 ) :

أ – سەرچاوە و سەرەتا - Source and beginning :

شوێنی یەکەمی ئەنجامدەرە و ئەو شوێنەی لێی دەجوڵێت ، دیاریدەکات ، وەك :

- هاوکار لەماڵەوە هات.
- ئێمە لە هەولێرەوە بۆ دهۆك ڕۆیشتین.

واتە ئەم ڕۆڵە واتاییە، شوێنی سەرەتای دەستپێکردنی کردارە.

ب – ئامانج - Goal :

ئەو شوێنەیە، کە ئاراستەی ڕوودانی کردار نیشاندەدات و بۆی دەجوڵێت ، وەك :

- منداڵەکە بۆ لای پەنجەرەکە ڕۆیشت.
- خوێندکارەکان تا زانکۆ دەڕۆن.

پ – شوێنی جێگیر - Location :

ئەو شوێنە جێگیر و نەگۆڕەیە، کە کردارەکەی تێدا ڕوودەدات ، وەك :

- ئاکار و ئالان لە یاریگەکەدا یاریدەکەن.
- نازەنین لە پۆلدا هۆنراوەکەی خوێندەوە.

ت – ڕێڕەو -Path :

ئەو شوێنەیە، کە ئاراستەی ڕوودانی کردار، بەناویدا تێپەڕ دەبێت، واتە شوێنێکی ناوەندە، دەکەوێتە نێوان ( سەرچاوە و ئامانج )ەوە ، وەك :

- ئێمە لە هەولێرەوە بە کۆیەدا بۆ سلێمانی ڕۆیشتین.

دەشێت لەگەڵ ئەم ڕۆڵە واتاییەدا، (سەرچاوە) ، یان ( سەرچاوە و شوێن ) دەرنەکەون، وەك :

- سەربازەکان بە شارەکەدا تێپەڕین.

واتە ئەم ڕۆڵە واتاییە، ئاماژە بۆ ئەو شوێنە دەکات، کە بکەر لێیەوە ( لە سەرچاوەوە بۆ ئامانج ) دەجوڵێت ( Crystal, 1993 : 321-322 )، بارێك نیشاندەدات، یان کردارێکی تێدا ڕوودەدات و بەهۆی کردارێکەوە گوزارشتی لێدەکرێت (Haegeman ,1998:50).

2 – ئامێر - Instrument :

ڕۆڵی واتایی ئەو فرێزە ناوییانەیە، کە بێ هۆش و بێ گیانن و دەبنە هۆی ئەنجامدانی کردارێك و بەهۆی کردارەکەیشەوە دیاریدەکرێن ( Fillmore,1968: 24 ) ، وەك :

- وانەکەم بە کۆمپیوتەر نوسی.
- دیاری بە ئۆتۆمبیل چوو بۆ بازاڕ.

3 – کارا - Agent :

ئەم ڕۆڵە واتاییە بەو فرێزە ناوییانە دەدرێت، کە لە فرێزە پرێپۆزیشنییەکاندان و لەژێر کاریگەریی بکەردا، کردارێك جێبەجێ دەکەن، وەك :

- ئەوان کتێبەکەیان بە مندا بۆ شیلان نارد.
- زەوییەکەم بە دارا ئاودا.
- ماڵەکەی بە کچەکە پاککردەوە.

4 – سوودمەند - Beneficiary :

ئەدڤێربڵەکان لە ئەنجامی ڕوودانی هەندێك کرداردا سوودمەند دەبن و ئەم ڕۆڵە واتاییە وەردەگرن، وەك :

- کچەکە گوڵێکی دا بە هاوڕێکەی.
- کراسەکەم بۆ تۆ هێناوە.
- هێرۆ کتێبەکانی دا بە هاوناز.

5 – هاوڕێیەتی - Friendship :

ڕۆڵی واتایی ئەو ئەدڤێربڵانەیە، کە لەگەڵ بکەردا هاوبەشن لە بەئەنجامگەیاندن، یان نەگەیاندنی کرداردا، یان لەگەڵ فرێزێکی ناویدا، پێکەوە جێکەوتەی بەرکار پڕدەکەنەوە، وەك:

- منداڵەکە لەگەڵ باوکیدا چوو بۆ شانۆگەرییەکە.
- خوێندکارەکان لەگەڵ مامۆستاکانیاندا لە یاریگەکەدا ڕاوەستاون.
- ئاسۆم لەگەڵ ئارامدا بینی.
- کتێبەکانم لەگەڵ دەفتەرەکاندا هێنا.

6 – کات - Temporal :

ئەو ئەدڤێربڵانەی ، کاتی ڕوودانی کردار نیشاندەدەن، ئەم ڕۆڵە واتاییەیان دەبێت، وەك :

- زانکۆی سلێمانی لە وەرزی بەهاردا سەردانی زانکۆی کۆیە دەکات.
- وەرزشکردن لە کاتی بەیانیاندا گرنگیی خۆی هەیە.

7 – هۆیی Colleague :-

ئاماژە بۆ ئەو ئەدڤێربڵانە دەکات، کە هۆی ڕوودان، یان ڕوونەدانی کردار نیشاندەدەن، وەك :

- گۆڤارەکانم لەبەر تۆ کڕی.
- ئەوان لەبەر من گەشتەکەیان دواخست.

8 – سەرچاوە و سەرەتا Source and beginning :-

ئەم ڕۆڵە واتاییە ، ئاماژە بۆ خاڵی دەستپێکردن و دەرکەوتنی دیاردەیەك دەکات، یان کەرەستە بەراییەکانی دروستکردنی شتێك دەخاتە ڕوو، وەك:

- ئێمە لە تۆوە فێری زانست بووین.
- منداڵ لە خێزان و خوێندنگەکانەوە فێری ڕەوشتی باش دەبێت.
- خانووەکە لە خشت / بە خشت دروستکراوە .

ژمارەی ئەرکە سینتاکسییەکان جێگیر و دیاریکراوە، بە پێچەوانەی ڕۆڵە واتاییەکانەوە، کە ژمارەیان لە ڕێزمانەنوس، یان زمانەوانێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێن، بۆ نموونە ( فیلمۆر ) ڕۆڵە واتاییەکانی( کارا، ئامێر، کارتێکراو، هەوڵدان، باس، شوێن، ئامانج، سەرچاوە، کات ، هاوڕێیەتی، ڕێڕەو ) ی دیاریکردووە ( بڕوانە : Fillmore ,1968 : 1971 ). هەرچی ( هادسن) ە ، ( کارا، کارتێکراو، شوێن، ئامێر، کات، سوودوەرگرتن، هەستپێکەر، هاندەر، هۆیی، ئامانج، سەرچاوە، خاوەن) ی دەستنیشان کردووە .

ئەرکە سینتاکسییەکان بە جێکەوتەوە پەیوەستن، واتە هەریەکەیان لە دروستەی ڕستەدا شوێنی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ نموونە فرێزی ناویی بکەر لەو شوێنەی، کە بۆی دیاریکراوە، ئەرکی بکەر دەبینێت :

- دارا وانەکەی نوسی.

ئەگەر فرێزی ناوی (دارا) ، کە بکەری ڕستەکەیە، لە جێکەوتەی خۆیەوە، جێگۆڕکێی بۆ لای چەپی ڕستەکە پێکرا، ئەوا ئەرکە سینتاکسییەکەی لە دەست دەدات و ئەرکێکی سینتاکسیی تر وەردەگرێت، وەك لەم ڕستەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

- وانەکە لە لایەن داراوە نوسرا.

لەو ڕستەیەدا فرێزی ناوی ( وانەکە) ئەرکێکی سینتاکسیی تری وەرگرتووە، کە (بکەر) ە، فرێزی ناویی ( دارا) یش، ئەرکەکەی لە بکەرەوە بۆ ئەدڤێربڵ گۆڕراوە.

هەرچی ڕۆڵە واتاییەکانە، بە جێکەوتەی فرێزەوە پەیوەست نین، بۆ نموونە کەرەستەیەك ، کە ڕۆڵی واتایی ( کارتێکراو) ی هەبێت، لە هەموو ڕستەیەکدا هەمان ڕۆڵی دەبێت، وەك :

- منداڵەکە شوشەکەی شکاند.
- شوشەکە شکێنرا.

فرێزی ناویی ( شوشەکە )، هەرچەندە لە دوو جێکەوتەی جیاوازی ئەو دوو ڕستەیەدا دەرکەوتووە، بەڵام هەر یەك ڕۆڵی واتایی وەرگرتووە، کەواتە ڕۆڵە واتاییەکان بە گۆڕینی جێکەوتەی فرێزە ناوییەکان ناگۆڕرێن، بۆ نموونە :

- ژنەکە <u>بە کلیل</u> دەرگاکەی کردەوە . ( ڕۆڵی واتایی ئامێر )
- <u>کلیلەکە</u> دەرگاکەی کردەوە . ( ڕۆڵی واتایی ئامێر )

ڕۆڵە واتاییەکان بە گشتی زاراوەکانی ( دۆخەکانی ژێرەوە ، ڕۆڵە ئەرکییەکان، ڕۆڵەکانی دۆخ ، .... هتد) یان بۆ بەکارهێنراوە (Cruse ,2000: 281 ).

یاساکانی داڕشتنی ڕستە پەیوەست بە ڕۆڵە واتاییەکانەوە :

لە ڕێزمانی واتاییدا، ئەگەر لە ڕوانگەی ڕۆڵە واتاییەکانەوە، دروستەی ڕستە دیاری بکرێت، ژمارەیەك یاسای واتایی بەرجەستە دەبن، کە لە یاسا سینتاکسییەکان زۆر زیاترن، واتە قاڵبەکانی ڕستە لەم ڕێزمانەدا بە چەند یاسایەك بەرهەم دێن، کە بریتین لە:

- بکەر ( کارا) و بەرکار ( کارتێکراو) بێت:

1- ئەنجامدەر + بەرهەم + کردار : - ئاسۆ هۆنراوەیەکی نووسی .

2- ئەنجامدەر + زیانلێکەوتوو + کردار : - منداڵەکە شوشەکەی شکاند.

3- ئەنجامدەر + گۆڕراو + کردار : - کچەکە ماڵەکەی پاککردەوە.

4- هۆیی + جێبەجێکەر + کردار : - کوڕەکە ئاکۆی خستە پێکەنین.

- بکەر ( کارا) و بەرکار ( کارتێکراو ) نەبێت :

5- ئەنجامدەر + سوود + شوێن + کردار : - ئەوان ئێمەیان بۆ سەیران برد.

6- ئەنجامدەر + باس + کردار : - کامەران کتێبەکانی خوێندەوە.

7- ئەنجامدەر + وەرگیراو + سوودمەند + کردار : - دارا پارەی بە هەژارەکە دا .

- بکەر ( کارتێکراو ) و بەرکار ( کارا ) بێت :

8- کارتێکراو + کارا + کردار : - من تۆم بینی . / من دەنگی تۆم بیست .

- بکەر ( کارا) بێت و ڕوودانی کردار لە داهاتوودا بێت:

9- گریمانەیی + کات + شوێن + کردار : - نازەنین سبەینێ بۆ هەولێر دەچێت.

- بکەر ( کارای سەرپەرشتیکار ) بێت :

10- سەرپەرشتیکار + بەرهەم + کردار : - ئەندازیارەکە خانووەکەی دروستکرد.

سەرپەرشتیکار + باس + کردار : - جەنەراڵ ئاکار بەسەر دوژمندا سەرکەوت.

- بکەر ( کارا) و کردار نەرێ بێت :

11- ئەنجامنەدەر + باس + کردار : - خوێندکارەکان وانەکەیان نەخوێند.

ئەنجامنەدەر + شوێن + کردار : - ئەوان بۆ بازاڕ نەچوون.

- بکەر ( کارتێکراو ) بێت :

12- زیانلێکەوتوو + کردار : - خانووەکە رووخا.

13- بەرهەم + کردار : - ڕاپۆرتەکە نوسرا .

14- سوودمەند + کردار : - ئاکار خەڵاتکرا.

- بکەر ( هێز ) و بەرکار ( کارتێکراو ) بێت:

15- هێز + زیانلێکەوتوو + کردار : - ڕەشەبا دارەکەی شکاند.

- بکەر ( ئامێر ) و بەرکار ( باس) ، یان ( کارتێکراو ) بێت :

16- ئامێر + باس + کردار : - کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە.

17- ئامێر + زیانلێکەوتوو + کردار : - چەقۆکە دەستی منداڵەکەی بریندار کرد.

- بکەر ( ڕەوشتکار ) بێت :

18- ڕەوشتکار + کردار : - منداڵەکە بوورایەوە.

- بکەر ( هەڵگر ) بێت :

19- هەڵگر + تەواوکەر + کرداری ( بوو ) : - ژوورەکە ساردە.

- بکەر ( ناسێنراو ) بێت :

20- ناسێنراو + تەواوکەر + کرداری ( بوو ) - دڵێر ئەندازیارە.

- بکەر ( ئەزموونکار ) بێت :

21- ئەزموونکار + تەواوکەر + کرداری ( بوو ) : - شیلان دڵخۆشە.

- بکەر ( ئارا) بێت :

22- ئارا + کرداری ( بوو ) - ئێمە هەین / ئاسایش هەیە.

- بکەر ( باس ) بێت :

23- باس + تەواوکەر + کرداری ( بوو ) : - وەرزش پێویستە .

- بکەر ( گۆڕان ) بێت :

24- گۆڕان + کرداری بوو + تەواوکەر : - من بووم بە ئەندازیار .

- بکەر ( هەستیار ) بێت :

25- هەستیار + باس + دیاردە + کردار : - من تۆ بە زیرەك دەزانم.

پۆلکردنی کردار پەیوەست بە سیمای واتاییەوە :

سیمای واتایی کردار، بەهۆی ڕۆڵی واتایی فرێزەکانی دەوروبەرییەوە دیاریدەکرێت، کە هەر کردارێك سیمایەکی تایبەت بەخۆی وەردەگرێت، کە چەسپاو و نەگۆڕ نییە، واتە لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی تر، دەشێت ڕۆڵە واتاییەکانی دەوروبەری، لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە گۆڕانیان بەسەردا بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو کۆمەڵە کردارەی بوارێکی واتایی لە دنیای دەرەوەدا پێکدەهێنن، سیمای هاوبەش، یان گشتییان دەبێت و هەر ئەندامێکی بوارەکەیش، بەهۆی هەموو، یان ژمارەیەك لەو سیما واتاییانەوە دەردەخرێن و دەنوێنرێن. بە پێی پەیوەندیی سیمای کردار و بواری واتایی، کردار بۆ چەند کۆمەڵێك پۆلدەکرێن (بۆ زانیاری لەبارەی دابەشکردنە واتاییەکانی کردار بڕوانە : أ- یوسف شەریف سەعید، 2009: 50-55 ب- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی ، 2008: 58-77 ):

1 - ڕووداو گەیەن : وەك ناوە کردارییەکانی ( خواردن، نوسین، کوشتن،... هتد). ( ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی ، 2008: 59-65 ، ئەم کردارانەی بە کرداری کردەی ماددی ناوبردووە و ڕۆڵە واتاییەکانی دەوروبەریشی ، بە " بەرپرس ، کارتێکراو " ناوهێناوە ) .

سیماکانیان بریتین لە : { کارا ، کارتێکراو ، --- } .

سیما تایبەتییەکانی کردارەکان ، کە بە هۆیانەوە کردارەکانیان پێ دەنوێنرێت، بەم شێوەیە دەبێت:

بۆ نموونە ( خواردن ) : - منداڵەکە سێوەکەی خوارد . { کارا + کارتێکراو }

- منداڵەکە بە دەست سێوەکەی خوارد. { کارا + ئامێر + کارتێکراو }

- سێوەکە خورا. { کارتێکراو }

لەو سێ ڕستەیەدا، ڕۆڵی واتایی ( کارتێکراو ) دووبارە بۆتەوە، واتە ناوی کرداریی ( خواردن) پێویستیی بەو ڕۆڵە واتاییە هەیە، ڕۆڵە واتاییەکانی تریش، بەپێی جۆری ڕستە و ویست و ئارەزووی قسەکەر هەڵبژێردراون، چونکە دەتوانرێت لابرێن، هەر وەك لە ڕستەی سێیەمدا دیارە.

( کوشتن ) : - دوژمن پیاوەکەی کوشت. { کارا + کارتێکراو }

- دوژمن بە گوللە پیاوەکەی کوشت. { کارا + ئامێر + کارتێکراو }

- پیاوەکە کوژرا . { کارتێکراو }

- گوللە پیاوەکەی کوشت. { ئامێر + کارتێکراو }

ناوی کرداریی ( کوشتن ) و هاوشێوەکانی، هەمان سیمای واتایی وەردەگرن، (کارا)، یان (ئامێر)، دەریاندەخەن، لە هەندێك دەوروبەردا، هەردوو ڕۆڵە واتاییەکە بەیەکەوە دێن.

2 – جوڵە گەیەن : وەك ناوە کردارییەکانی ( ڕۆیشتن ، بردن ، هێنان ، ناردن، جوڵان، ڕاکێشان ، فڕین، چوونەدەر، هاتنەژوور، جێهێشتن، .....هتد) .

سیمای واتاییان : { کارا ، سەرچاوە ، ڕێڕەو ، ئامانج ، --- } .

بۆ نموونە سیمای واتایی ناوی کرداریی ( هاتن ) :

شێرکۆ
- لەهەولێرەوە بە کۆیەدا بۆ سلێمانی هات.{کارا+ سەرچاوە+ڕێڕەو+ ئامانج}
- لە هەولێرەوە هات. { کارا + سەرچاوە . }
- بۆ سلێمانی هات. { کارا + ئامانج }

به کۆیەدا بۆ سلێمانی هات. { کارا + ڕێڕەو + ئامانج }

دەشێت ڕۆڵی واتایی ( ئامێر )، بەپێی ویستی قسەکەر هاوبەشی لە دیاریکردنی سیماکانی کردارەکەدا بکات، وەك :

- شێرکۆ بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی لە هەولێرەوە بە کۆیەدا بۆ سلێمانی هات.

3 - هەستگەیەن: ناوە کرداربیەکانی ( بیستن، بینین، بۆنکردن، تامکردن، بەرچاوکەوتن ، ... هتد) ، دەگرێتەوە. سیمای واتاییان، بریتین لە : { هەستیار، باس،--- }:

ئەوان
- هەواڵەکەیان بیست. { هەستیار + باس}
- لە ڕێی تۆوە هەواڵەکەیان بیست. { هەستیار + کارا / هۆ، + باس}
- دوێنی لەڕێی تۆوە هەواڵەکەیان بیست.{ هەستیار+ کات+ کارا/ هۆ،+ باس}

ئەو شتەی هەستی پێدەکرێت ، یان دەزانرێت، هەندێك جار ڕاستییەکە و لە رووی ڕێزمانەوە لە شێوەی لاڕستەدایە ( ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی ، 2008، :66 ) ، وەك :

- زانیم ، (کە) نایەیت .
- کامەران حەزی کرد، (کە) لەگەڵتاندا بێت.

کرداره ( دەروونی ) یەکان، وەك ناوە کرداربیەکانی ( تووڕەبوون، ترسان، خۆشحاڵبوون، ڕقلێبوون، ... هتد)، هەمان سیمای واتایی کردارە هەستگەیەنەکانیان دەبێت، وەك:

- پیاوەکە لە منداڵەکە توڕە بوو.
- مامۆستا ڕقی لە خوێندکاری تەمەڵە.
- شارا لە ئاسۆ ترسا.

4 – شوێنگەیەن: وەك ناوە کرداربیەکانی (دانان، دوورخستنەوە، بەجێهێشتن، پڕبوون، بەتاڵ بوون ....هتد ) ، بەگشتی سیماکانیان بریتین لە : { کارا ، باس ، شوێن ، ---- } ، وەك :

- ئاسۆ کتێبەکانی لەسەر مێزەکە دانا.
- کتێبەکان لەسەر مێزەکە دانران . { باس + شوێن + --- }
- هۆڵەکە پڕبوو لە خەڵك . { شوێن + باس + ---- }
- تەنکییەکە بەتاڵ بوو . { شوێن + ----- }

وەك لە ڕستەکاندا ڕوونکراوەتەوە ، مەرج نییە ، سیماکانی کردارە شوێنگەیەنەکان هەمیشە بەهۆی ئەو ڕۆڵە واتاییانەوە دەستنیشان بکرێت، کە لە سیمای واتایی گشتیاندا دیاریکراوە، بەڵکو دەشێت سیمای هەندێك کردار ، بە یەك ، یان دوو لەو ڕۆڵە واتاییانە دەربخرێت.

5 – پێدان و بەخشین : وەك ناوە کرداربیەکانی ( پێدان، پێشکەشکردن، بەخشین، خەڵاتکردن، .... هتد) سیماکانیان بریتین لە : { کارا + باس + سوودمەند + ----- }، وەك:

- ئاکار کتێبەکەی بە هێرۆ دا. { کارا + باس + سوودمەند }
- مامۆستا دیاری پێشکەش بە خوێندکارە زیرەکەکان کرد .
- نازەنین خەڵاتکرا . { سوودمەند + ----- }

6 – خزمەتگوزاری: ناوە کرداربیەکانی ( قیرتاوکردن، سواغدان، سپیکردن،....هتد) دەگرێتەوە، (یوسف شەریف سەعید، 2009: 53، کردارە ( خزمەتگوزاربیەکان ) ی بە کرداری (پەیوەندیکردن) داناوە )، سیماکانیان بریتین لە :{ کارا، کارتێکراو/ گۆڕاو ، ئامێر، ----- } وەك:

- ئەوان خانووەکەیان بۆیەکرد. { کارا + کارتێکراو / گۆڕاو }
- خانووەکە بۆیەکرا. { کارتێکراو + گۆڕاو }
- خانووەکە بە دەست بۆیە کرا. { کارتێکراو / گۆڕاو + ئامێر }

7 – یارمەتیدان : وەك ناوە کرداربیەکانی ( یارمەتیدان ، فریاکەوتن ، فێرکردن ، نیشاندان ، کۆمەککردن ، پشتگیریکردن ، .... هتد ) .

سیماکانیان بریتین لە { کارا ، سوودمەند ، .... } ، وەك :

- من یارمەتی ئەوانم دا .
- من یارمەتی ئەوانم لە ڕێکخستنی کتێبخانەکەدا دا.{کارا + سوودمەند + باس+--}.
- ئاکار ڕێگەکەی بە گەشتیارەکان نیشاندا . { کارا + باس + سوودمەند + ---- }

8 – دەست بەسەرداگرتن : ئەو کردارانەن، کە دەبنە هۆکار، بۆ ئەوەی کارایەك کردارێکی تر جێبەجێ بکات، واتە دەست بەسەر ڕوودانی کردارێکی تردا دەگرێت ( بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی کردارەکانی دەست بەسەرداگرتن، بڕوانە : یوسف شەریف سەعید، 2008 : 54-55 و ئەو سەرچاوەیەی بەکاری هێناوە)، وەك ناوە کرداربیەکانی (هەڵبژاردن، دەستنیشانکردن، دیاریکردن، ڕێگەدان، بەجێهێشتن، فەرماندان ، ئامۆژگاریکردن، ورە بەرزکردنەوە ، پاڕانەوە ، .... هتد ) .

سیماکانیان بریتین لە { کارا ، هەستیار ، ڕووداو لەشێوەی ڕستەی تێکەڵکێش } ، وەك :

- مامۆستا دلێری هەڵبژارد، بۆ ئەوەی هۆنراوەکە بخوێنێتەوە.

( دلێر ) کارایشە، چونکە بۆ ئەنجامدانی کردارێك هەڵبژێردراوە، واتە لێرەدا (جووتێك رۆڵی واتایی لە ئەرکێکی سینتاکسیدا هەیە) ، ئەمەیش تایبەتمەندی ئەم جۆرە کردارانەیە، لەم ڕستانەی خوارەوەدا زیاتر ڕوونکراوەتەوە :

- ژنەکە ئامۆژگاریی کوڕەکەی کرد، کە کارەکانی فەرامۆش نەکات.
- مامۆستا ڕێگەی بە خوێندکارەکان دا ، کە رۆژی هەینی بۆ گەشت بچن.
- ئاکار ورەی دارای بەرز کردەوە، کە لە خوێندنەکەی سەرکەوتوو بێت.
- من فەرمانم بە هێرۆ کرد ، کە بچێت بۆ بازاڕ.

9 – بەدەر لە دەسەڵات : وەك ناوە کردارییەکانی ( خەوبینین، کۆکین، پژمین، ڕشانەوە، بیستن، گوی لێبوون ، لەهۆشخۆچوون، .... هتد) ( وریا عمر ئەمین، 1985 : 197 ) .

سیماکانیان بریتین لە { ڕەوشتکار، .... } ، وەك :

- نەخۆشەکە لە هۆشی خۆی چوو .
- منداڵەکە دەکۆکێت.
- ئێمە گوێمان لە دەنگی ئێوە بوو.

لەم کردارانەیشدا، دیاردەی بوونی دوو رۆڵی واتایی لە بکەرەکانیاندا بەرچاودەکەوێت، چونکە رۆڵی واتایی ( کارتێکراو ) یشیان هەیە.

10 – پەیوەندداری : ناوە کردارییەکانی ( زەرد هەڵگەڕان ، سوورهەڵگەڕان ، سپی چوونەوە، ژەنك هەڵهێنان ، ... هتد ) دەگرێتەوە. سیماکانیان بریتین لە : {هەڵگر ، ---- }، وەك :

- کچەکە زەرد هەڵگەڕا.
- شاخەکان سپی دەچنەوە.
- ئاسنەکە ژەنگی هەڵهێنا.

بکەری ئەم جۆرە کردارانەیش، هاوکات رۆڵی واتایی ( کارتێکراو ) یشیان هەیە.

11 – لێنان : وەك ناوە کردارییەکانی ( لێنان ، برژاندن، سوورکردنەوە، کوڵاندن، زەردکردن، پیشاندن ، ... هتد) ( مەعروف مەحمود فەرەج ، 1989: 69 ) .

سیماکانیان بریتین لە : { کارا، کارتێکراو / گۆڕراو ، ----- } ، وەك :

- گۆشتەکەی سوورکردەوە.
- گۆشتەکە سوورکرایەوە.
- کوڕەکە بەهێیەکەی پیشاند.

12 – لەبەرکردن : وەك ناوە کردارییەکانی ( لەبەرکردن، لەمل کردن، لە دەست کردن، لەپێ کردن، .... هتد ) . سیماکانیان بریتین لە : [( کارا + سوودمەند ) ، باس ، شوێن ،---] ، وەك:

- منداڵەکە کڵاوەکەی لەسەر کرد.
- کچەکە ملوانکەکەی لە مل کرد.
- ژنەکە بازنەکەی لەدەست کرد.
- بازنەکە لە دەست کرا. { باس + شوێن + ---- }

( کارا ) ی ئەم کردارانە ، هاوکات ( سوودمەند ) یشە ، واتە دوو رۆڵی واتایی لە فرێزی ناویی بکەردا هەیە .

13 – گەیاندن : مەبەست لەم کردارانە، ئەوانەن کە نامەیەك، یان پەیامێك لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر دەگەیەنن، وەك ناوە کردارییەکانی ( وتن ، نەڕاندن، قیژاندن، .... هتد ) ( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی ، 2008: 74-75 ) .

سیماکانیان بریتین لە : { سەرچاوە ، پێوتراو ، پەیام / نامە ، ---- }

پەیام ، دەشێت لەشێوەی فرێز ، یان ڕستەدا بێت، وەك :

- هاوڕێ بە منی وت، بەیانی نایەم بۆ زانکۆ.
- منداڵەکان گۆرانی دەڵێن . { سەرچاوە + پەیام }.
- شێرەکە نەڕاندی. { سەرچاوە } .

14 – بوون: ئەو کردارانەن، کە بوونی شتێك دەگەیەنن، لە کوردیدا بریتین لە ناوی کرداریی (هەبوون ) (سەرچاوەی پێشوو : 76 ) . سیمای واتایی ، بریتییە لە { باس ، شوێن، --- } وەك:

- خوا هەیە.
- ئاسایش لەم وڵاتەدا دەبێت.
- گوندێك پێشتر لەم شوێنەدا هەبوو. { باس + کات + شوێن + ---- }

## ئەنجام :

توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە ، گرنگترینیان ئەمانەن :

1 – ( بکەر، بەرکار، ئەدڤێربڵ ) ئەرکی سینتاکسین و هاوکات کاتیگۆریی واتایین و بە پەیوەندیی واتایی جیاوازەوە بە کردارەوە بەستراون. بە دەوری کرداردا بازنەی واتایی جیاواز هەیە، کە هەر بازنەیەك پەیوەندی واتایی لەنێوان کردار و فرێزێکی پێکهێنەری ڕستەدا دروست دەکات.

2 – ڕۆڵە واتاییەکان بە جێکەوتە سینتاکسییەکانەوە پەیوەست نین، واتە فرێزێك لە هەر جێکەوتەیەکدا بێت، گۆڕانکاری بەسەر ڕۆڵە واتاییەکەیدا نایەت، بە پێچەوانەی ئەرکە سینتاکسییەکانەوە، کە وابەستەی جێکەوتەکانیانن، بۆ نموونە :

- دەرگاکەمان بە کلیل کردەوە . ( ئەدڤێربڵ – ئامێر )
- کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە . ( بکەر – ئامێر )
- شاهۆ کتێبەکەی خوێندەوە. ( بەرکار – باس )
- کتێبەکە خوێنرایەوە. ( بکەر – باس )

3 – ئەرکە سینتاکسییەکان ژمارەیان سنووردار و جێگیرە، بە پێچەوانەی ڕۆڵە واتاییەکانەوە، کە ژمارەیان نادیارە و لە ڕێزماننوس ، یان زمانەوانێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێن، ئەمەیش بووە بەهۆی ئەوەی کە یاساکانی داڕشتنی ڕستە لە ڕوانگەی ڕۆڵە واتاییەکانەوە ، بەراورد بە یاسا سینتاکسییەکانی ڕۆنانی ڕستە زیاتر بن.

4 – ڕۆڵە واتاییەکان بە چەشنی کردارەوە پەیوەستن، بە پێچەوانەی ئەرکە سینتاکسییەکانەوە، بۆ نموونە لەم سێ ڕستەیەی خوارەوەدا، فرێزی ناوی ( پەنجەرەکە ) بەرکارن، بەڵام لە هەر ڕستەیەکیاندا ڕۆڵێکی واتایی جیاوازی هەیە :

- کوڕەکە پەنجەرەکەی دروستکرد. ( بەرکار – ئەنجام / بەرهەم )
- کوڕەکە پەنجەرەکەی بۆیە کرد . ( بەرکار – گۆڕان )
- کوڕەکە پەنجەرەکەی شکاند . ( بەرکار – زیانلێکەوتوو)

هۆی جیاوازیی ڕۆڵە واتاییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە تۆڕی بابەتانەی کرداردا، ڕۆڵی واتایی جیاوازی هەیە و نیشانە واتاییەکانی فرێزی ناویی (پەنجەرەکە) پێویستە لەگەڵیاندا بگونجێت .

## سەرچاوەکان


به زمانی کوردی :

1- ئازاد ئەحمەد حسەین : (2001) ، ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان ، زانکۆی سلێمانی .

2- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی ( 2008 ) ، ڕستە و پاش ڕستە ، چاپی یەکەم ، هەولێر.

3- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی ( 1995 )، ڕێزمانی بەندێتی، نامەی ماستەر ، کۆلیجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین.

4- عەبدولواحید موشیر دزەیی (2015) ، ڕێزمان و واتا، چاپی سێیەم، هەولێر.

5- ڤیان سلێمان حاجی ( 2009)، کەرەستە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، بڵاوکراوەکانی ئاکادیمیای کوردی ، هەولێر .

6- مەعروف مەحموود فەرەج ( 1989) ، بواره واتاییەکان، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر .

7- نەوزاد ئەنوەر عومەر ( 2008) ، کۆزەتیڤ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان ، زانکۆی کۆیە.

8- وریا عومەر ئەمین ( 1985) ، تێنەپەڕ فرمانێکی بکەر نادیارە ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژ - 107 ، بەغداد.

9- یوسف شەریف سەعید ( 2009) ، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێك ڕستەسازیی کوردی ، چاپی یەکەم ، هەولێر .

به زمانی فارسی :

10- سيد على مير عمادى ( 1376 ) ، نحو زبان فارسى ( بر پايه نظريه حاكميت و مرجع گزينى ) : انتشارات سازمان مطالعه و تدوين كتب علوم إنسانى دانشگاها .

به زمانی ئینگلیزی :

1. Chomsky ,Noam ,(1981) , Lectures on Government and Binding , The Pisa Lectures Mouton de grater , (1993), Berlin . NewYork.
2. Cowper, Elizabeth A. (1992), A Concise Introduction to Syntactic Theory . The university of Chicago .
3. Cruse ,D. Alan, (2000) , meaning in language : An Introduction to Semantics and pragmatics , Oxford university press .
4. Crystal, David ,(1993) , a Linguistics and Phonetics reprinted, 3ed edition , black well , Oxford .
5. Culicover , Peter w. (1997) , Principles and Parameters : An Introduction to Syntactic Theory ,Oxford University Press , New York.
6. Fillmore , Charles ,G.( 1968) , the case for case : In universal in Linguistic theory , edited by Emmons Bach and Robert Harms , New York .

7. Hageman ,Lillian , (1998) , Introduction to government and binding Theory , reprinted , 2nd edition ,Oxford :b black well .
8. Halliday M.A.K., (1973) , Exploration in the Function of language , Edward Arnold .
9. Radford ,Andrew ,( 1998) , Syntax A Minimalist introduction, reprinted , Cambridge university press .

ملخص البحث

هذا البحث تحت عنوان ( العلاقة بين الادوار المعنوية و الوثائق النحوية )، في لهجة السليمانية - كرمانجي الوسطى، محاوله لكي تحدد الوثائق المعنوية المختلفة ، و التى كل من (الفاعل ، مفعول به ، الظرف ) تأخذها في حدود الجملة. تم البحث ضمن المدرسة الوظيفية و نظرية ( ثيتا) ، و التى تمت في نظرية قواعد النقل و الإنتاجى لتشومسكى. وصل البحث الى عدة نتائج، احداها هي ان الادوار المعنوية لا ترتبط بالموقع النحوى للفريزات، أى ان الفريز يكون في اي موقع جملي، فانه لا يتم التغير في دورها المعنوى، بخلاف وظيفتها النحويه المرتبطة بالموقع .

Summary

This research, under the title (The Relationship between Semantic Roles and Syntactic Functions), in the Sulaymaniyah dialect - middle Kurmanji , is an attempt to identify the different semantic functions, which each (subject, object, adverbal) takes within the limits of the sentence. The research was carried out within the functional school and the theory (theta), which was carried out in Chomsky's theory of transmission and productivity rules. The research reached several results, one of which is that the moral roles are not related to the grammatical position of the frieze, that is, the frieze is in any syntactic position, so there is no change in its moral role, unlike its grammatical function associated with the site.